# ڕستەیەکی بۆندارم پێنیە بێتبڵێم بۆ ئەوین

شیعری : حەمەشوان شەریف
Hamashwan1@hotmail.com
زستانی 2005 ماشتەراند- سوێد

کچێ ڕۆشنا مەیەو
تێکەڵاوی گۆمی ئەم برینانەم مەبە
دەنا هەموو ڕۆژێ
بەدەم جۆرێک سوتانەوە
ئەکولێیتەوە !.
پرچی ئێوارانت مەڕێسە بۆم
تۆ ئەڵێی نازانی !
زریانێک خەم لەمن بووە . !.
دوور بڕوانە !:
دڵت بەکوێی منا چووە
من ..منی ژەنگ
لە ژیانەوە مردن دەبینم و
لەناو مردنا یاسا بۆ نان .
دووربە لێم
کچێ ئایندەم پیرەو ڕیشهاتوو
من لە تاریکیدا دەنووم و
گەروم تا قیامەت بە گەڵای پایز
داپۆشراوە .
ڕۆشنا
ناسکترین گوڵ
مەیەڵە قەد خۆشتبوێم !
من ..منی دروستکراو
لە پەراسوی گومان
زمانم درۆ ناکات
توانای ئەوەم نیە
گوڵێکت بۆ بێنم
ڕستەیەکی بۆندارم پێنیە
پێت بڵێم بۆ ئەوین

دڵم ڕەشە
وەکو کراسەکەی بەرت
گوێم لێنیە تۆ چیدەڵێیت
لە دەوری بریەنەکانم دور بوەستە
برینەکانم ڕەنگیان هەیە
شەوین ...
لم ین ..
بەفرین .
سۆز دەڕژێنمە پەرپێت
لە دەورت دەگەڕێم ئافرەت
بە ساویلە مەمبینە !
هیچ ژوانێک دامەنێ بۆ ئەوەی بمبینی ! :-
دەزانم کەمن ناتوانم بێم بۆ ئەوێ ! .؟
ڕۆشنا کچی مەلەکەتی ترێ *
ڕقم لەچاوەڕوانی هەڵگرتوە
من ..منی بەیانیەکی سارد
چۆن ئـــەتوانم سێبەرتبم
کە تـــا ئێستا لەسەر لەپیدەستم دەنووم
سنورێ نیە دامپۆشێ و
مافێ نیە بیدەم بەتۆ ! .: -
تـــکایە کچێ قـــەد مـــەهـــێڵە
خـــۆشـــت بـــــوێـــــم !: ....
قە د
ق ە د مەهێڵە ؟ .

*    *    *    *    *